28. ( A و B ) دوو تەلی درێژی تەریبن لە نێوانیاندا ماوەی 1m هەیە ، دوو تەزوی دژ ئاراستەیان پێدادەڕوات ئەگەر تەزوی تەلی $I_A$ یەکسان بێت بە سێیەکی تەزوی تەلی $I_B$ $(I_A = \frac{1}{3} I_B)$ شوێنی ئەو خاڵە لەسەر هێڵی ئەستونی سەر دوو تەلەکە دیاری بکە کە تیایدا بەرەنجامی بواری موگناتیسییەکە یەکسانە بە سفر؟

A) 1 m دورە لە تەلی A  B) 0.5 m دورە لە تەلی A  C) 0.75 m دورە لە تەلی A  D) 0.05 m دورە لە تەلی A


29. کۆیلێکی لوولپێچ درێژییەکەی 50 cm و لە 2000 پێچ پێکهاتووە ، بواری موگناتیسی لە ناوەڕاستی کۆیلەکە لەسەر تەوەرەکەی بدۆزەرەوە کاتێك تەزویەك بە پێچەکانیدا دەڕوات توندییەکەی 10 A بێت $[\mu_o=4\pi\times10^{-7}\ T.m/A]$.

A) $5 \times 10^{-4}$ T  B) $5 \times 10^{-3}$ T  C) $5 \times 10^{-2}$ T  D) $5 \times 10^{-1}$ T

30. کۆیلی دینەمۆیەك 25 پێچی هەیە کە ڕووبەری بڕگەکەی $36\ cm^2$ زۆرترین بڕی پاڵهێزی کارەبایی بەرهەم هاتوو لەم دینەمۆیەدا 2.8 V بوو لە لەرەلەری 60 Hz دا. بڕی ئەو بوارە موگناتیسییە چەندە کە کۆیلەکەی تێدا دەخولێتەوە؟

A) $8.25\times10^{-3}$ T  B) $8.25\times 10^{-2}$ T  C) $8.25\times10^{-5}$ T  D) $8.25\times10^{-4}$ T


31. بە پێی یاسای دەستی ڕاست کام لەم وێنانەی خوارەوە ئاراستەی بواری موگناتیسی وتەزوو بە دروستی دەنوێنێت بۆ کۆیلی لوولپێچ ؟




32. وێڵە تەزووەکان بەکاردەهێنرێن :

A) لە فڕنەکان  B) لە سیستمی برێکگرتنی ئۆتۆمبێل
C) بۆ کەشفکردنی کانزاکان لە فڕۆکەخانەکان و ژێر زەویدا  D) لە هەموویان

33. لەو سوڕە کارەباییەی بەرامبەردا گۆشەی جیاوازی ڕەوگەی نێوان تەزووی گشتی وجیاوازی ئەرکی گشتی چەندە؟




A) 13.5°  B) 35°
C) 46°  D) 90°

34. سەرچاوەیەکی ئەرك لەرەلەرەکەی $\frac{100}{\pi}$ Hz و جیاوازی ئەرکی کاریگەر لە نێوان جەمسەرەکانیدا 200 V بە بارگەگرێکی کارەباییەوە بەرسترا ، ئەگەر توندی تەزوی کاریگەر لە سوڕەکەدا 10 A بێت ، گەورەترین بڕی ئەو بارگەیە کە بارگەگرەکە خەزنی دەکات هەژمار بکە؟

A) $5.65 \times 10^{-2}$ C  B) $5 \times 10^{-2}$ C  C) $7.07 \times 10^{-2}$ C  D) $14.1\times 10^{-2}$ C

35. لە کام لەمانەدا تەزوگۆڕ بەکار نایەت؟

A) دینەمۆی تەزوی نەگۆڕ (D.C)  B) مۆتۆڕ تەزوی نەگۆڕ (D.C)  C) دینەمۆی تەزوی گۆڕاو(A.C)  D) ( A و B ) ڕاستن

36. بە پەیداکردنی تەزویەکی بەرز لە دەزگای لەحیم کردندا پێویستمان بە جیاوازی ئەرکی 0.75 V دەبێت.ئەگەر جیاوازی ئەرکی سەرەتایی ترانسفۆرمەرێکی نزمکەرەوە 117 V بێت ئایا ڕێژەی نێوان ژمارەی پێچەکانی کۆیلی سەرەتایی بۆ ژمارەی پێچەکانی کۆیلی ناوەندی چەندە؟

A) $\frac{1}{156}$  B) $\frac{156}{1}$  C) $\frac{171}{1}$  D) $\frac{1}{171}$

37. بە کام لەم لەرەلەرانەی خوارەوە دەرچوونی ئەلیکترۆنەکان ڕوودەدات لە ڕووی مادەیەك پابەندە ئیشەکەی 2.3 eV کاتێك ڕووناکییەك دەکەوێتە سەر ڕووی ماددەکە؟ $[h = 6.63 \times 10^{-34} J.s]$

A) $5.8 \times 10^{14}$Hz  B) $6.8 \times 10^{14}$Hz  C) $5.8 \times 10^{13}$Hz  D) (A و B) ڕاستن

38. لە کام لەم بارانەدا ناتوانرێت ماددەی تێرگەیاندن بەکاربهێنرێت؟

A) وەك ئامێرێکی گەرمکەر لە فڕن یان برژێنەرێکدا  B) لە گواستنەوەی وزەی کارەبا بێ زیان
C) لە خەزنکردنی وزەی کارەباییدا  D) لە دیاردەی ( سەرهەوا خستنی موگناتیسی ) دا

39. بە هەردوو ناوچەی لاتەنیشتی ترانزستەر دەگۆترێت بارگەدەر وکۆکەرەوە بەڵام بە ناوچە تەسکەکەی ناوەڕاست دەگۆترێت بنکە، کام لەمانە ڕاستە؟

A) خلتەی بارگەدەر لە خلتەی بنکە زیاترە  B) پێکبەستی ( بارگەدەر-بنکە ) لادانی بەرەو پێشە
C) پێکبەستی ( بنکە – کۆکەرەوە ) لادانی پێچەوانەیە  D) هەموو وەڵامەکان ڕاستن

40. ( لە دیاردەی کارۆڕووناکیدا ئەگەر لەرەلەری ڕووناکی کەوتوو زیادبکەین بە هەمان توندی ڕووناکییەکە ) کام لەمانە ڕاستە؟

A) خێرایی ئەلیکترۆنە دەرچووەکان زیاد دەکات  B) جووڵە وزەی ئەلیکترۆنە دەرچووەکان زیاد دەکات
C) ژمارەی ئەلیکترۆنە دەرچووەکان ناگۆڕێ  D) هەموو وەڵامەکان ڕاستن

41. هەندێك جار پەندۆلی سادە وەك پێوەرێکی بەرزایی لە فڕۆکەدا بەرکاردێت ، کام لەمانە ڕاستە کاتێك فڕۆکەکە لە ئاستی زەوییەوە بەرز دەبێتەوە بۆ بەرزی $10^4$ m؛

A) کاتە لەرەکەی زیاد دەکات  B) لەرەلەرەکەی زیاد دەکات  C) لەرەلەرکەی کەم دەکات  D) ( A و C ) ڕاستن

42. کام لەمانە خوارەوە سامپڵی تومسون بۆ گەردیلە پوخت دەکاتەوە:

A) گەردیلەکان پتەون وچونیەکن وناشکێن
B) ئەلەکترۆنەکان نوقم بوون لە ناو گۆیەکدا کە بارگەی پۆزەتیڤە
C) ئەلەکترۆنەکان بە دەوری ناوکدا دەسوڕێنەوە بە شێوەیەك کە لە سوڕانەوەی هەسارەکان دەچێت بە دەوری خۆردا
D) ئەلەکترۆنەکان تەنها لە ئاستە وزە لەیەکجیاکاندا هەن

43. لە مەودای کام لەم شە پۆلانەی خوارەوە دەزگای ( میزەر Maser ) کاردەکات ؟

A) شە پۆلە مایکرۆییەکان  B) تیشکی X  C) تیشکی سەرو وەنەوشەیی  D) تیشکی گاما

44. بە پێی دەستووری.. ......... دەتوانرێت هەر خاڵێکی سەربەرەی شە پۆلێکی ڕووناکی وەك سەرچاوەیەکی نوێی ڕووناکی دابنرێت بۆ پەیداکردنی شە پۆلی نوێ.

A) ئۆرستد  B) بۆر  C) هایگنز  D) پلانك

45. بڕی هێزی موگناتیسی $\left(F_{\text{موگناتیسی}}\right)$ سەر ئەلەکترۆنێك چەندە کاتێك دەچێتە ناو بوارێکی موگناتیسیەوە $\left(\vec{B}\right)$ بە شێوەیەکی ئەستوون؟

A) $(qvB)$  B) $(-B\ell v)$  C) $(B\ell v)$  D) $(\frac{q}{vB})$

46. تاقیکردنەوەیەکی جووت درزی کرا بەبەکارهێنانی ڕەنگی شین لە گڵۆپی هایدرۆجیندا کە ( $\lambda$=486 nm ) برژۆڵەی ڕووناکی پێنجەمی دەکەوێتە گۆشەی 0.578° لە برژۆڵەی ناوەندەوە ، ئایا دووری نێوان دوو درزەکە چەندە ؟

A) $7.5 \times 10^{-4}$ m  B) $2.41 \times 10^{-4}$ m  C) $6.3 \times 10^{-6}$m  D) $5.66 \times 10^{-4}$m


47. ئۆتومبیلێك بارستاییەکەی 1000 kg لە ڕێڕەوێکی بازنەییدا کە چێوەکەی 6280 m دەسوڕێتەوە بە لێکەوتە خێراییەکی بڕنەگۆڕ 25 m/s ئەو هێزەی پێویستە بۆ ئەوەی ئۆتومبیلەکە لە سەر ڕێڕەوی بازنەیی بمێنێت چەندە ؟

A) 1000 N  B) 625 N  C) 2140 N  D) 4280 N

48. وزەی کارەبا دەگوازرێتەوە لە وێستگەی بەرهەمهێنان بۆ شوێنی بەکاربردن بە :

A) جیاوازیەکی ئەرکی بەرز و تەزویەکی نزم  B) جیاوازیەکی ئەرکی نزم و تەزویەکی بەرز
C) جیاوازیەکی ئەرکی بەرز و تەزویەکی بەرز  D) جیاوازیەکی ئەرکی نزم و تەزویەکی نزم

49. درێژی شە پۆلی ئەو شە پۆلە دەنگییە چەندە کە لە وێنەکەی بەرامبەردا دەردەکەوێت؟




A) 1 m  B) 0.75 m
C) 0.5 m  D) 0.25 m

50. ئەگەر هەردوو هاوکێشەی توندی تەزوی ساتی و جیاوازی ئەرکی نێوان جەمسەرەکانی موگنەبارگێکی پوخت بەم شێوەیە بن $V_L = 125.6\sqrt{2}\sin\left(100\pi t + \frac{\pi}{2}\right)$ ، $I_L = 2\sqrt{2}\sin(100\pi t)$ هاوکۆلکەی خودموگنەکاریەکەی چەندە؟

A) 0.2 H  B) 0.5 H  C) 0.75 H  D) 0.62 H